www.kurdistannet.org

# نەتەوە کەرکوك قودسە و نەقودسیش خاکی عەرەبە..!!

ئەردەشێر شۆڕش/ کەرکوك/ ardasher21@hotmail.com

هەر کە لە دوورە ولاٌتیەوە گەڕامەوە شارەکەم(کەرکوك) لە شوێنێك ئەو دروشمە(کەرکوك قودسی کوردستانە) سەرنجی راکێشام و لە پاشان بۆم رۆن بۆوە کە هەر یەك لە پارتی و یەکێتی دروشمەکانیشیان وەك رەنگ و بۆن و ناوەکان دابەشکردووە، سەیرە.. حزبێکی کوردی بێت بە هەموو توانای سیاسی خۆیەوە شارێکی دەوڵەمەند و گرنگی خۆی وێنا بکات بە شارێك کە پرپەتی لە ململانێی نا بەجێی سیاسی و مێژوویی، ئەگەر پێتان وابێ کە(قودس– ئورشەلیم) خاك و شاری عەرەبە فەلەستینییەکانە ئەوا نەك تەنها بەهەڵە داچوونە بەڵکو زوڵمێکی مێژووییش لە برا جوولەکەکانمان دەکەن، چونکە مێژووی پێغەمبەرە یەك لەدوای یەکەکانی(بنی أسرائیل) گەواهیدەری ئەو راستییەیە کە ئورشەلیم هیچ پەیوەندییەکی بە عەرەبەکانەوە نییە، هەتاوەکو لە کتێبی پیرۆز و(تەورات)یش هاتووە کە ئەم خاکە(ارض المیعاد)ە. بەڵکو کێشەی عەرەبەکان لەسەر(ئورشەلیم–قودس) کێشەیەکی ئابورییە نەك سیاسی، گرنگی ململانێکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەم شارە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ و پربایەخی هەیە چ لە روی جیۆپۆلەتیکەوە و چ لە رووی ئابووری رۆژهەلاٌتی ناوەڕاستەوە، ئیتر عەرەبەکان دێن لایەنە ئایینییەکە بەرزدەکەنەوە بۆ هێنانەوەی ئەم خاکە بۆ ژێر رکێفی بەکاربردنیان بۆ مەبەستە سیاسی و ئابورییەکان، بەمەش لە دوولاوە هەست و نەستی جوولەکەکان دەوروژێنن کە یەکەمیان لایەنی ئاینییەکەیە و کە ئورشەلیم(خاکی بەڵێن پێدراوە) و شوێنی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئاینی جوولەکەیە و هەموو پەرستگا و شوێنە پیرۆز و گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کەوتۆتە ئەو شارە و لەلایەکەی تریەوە تەماعی جوولەکە تیژدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە لە رووی ئابوورییەوە بایەخ پێبدەن بە پێی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی نوێ. هەمووشمان دەزانین کەوا عەرەبەکان بە هیچ چەند و چوونێك لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیە ناتەبان و ناگونجێن، رووداوەکانی بەم دواییەش چ لە 11ی سێبتێمبەر و چ لە ئەفغان و عێراق ئەم راستییەیان سەلماند.

بە کورتییەکەی کاتێ شەقامی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب بە گشتی داوای خاکی(بەناو داگیرکراویان) دەکەنەوە و ئورشەلیم و شارەکانی تری ئیسرائیل بە خاکی عەرەب لەقەڵەم دەدەن، ئەوا ئەو پەڕی چەواشەکارییە و هیچ بەندێکی

www.kurdistannet.org

مێژووش ئەوە قەبوڵ ناکات کە ئەو خاکە خاکی عەرەب بێت لە هیچ سەردەمێك، ئەگەرچی سەلاحەدینێك وەکو کوردێکی عەگال لەسەر و دوور لە رۆحی کورد بوونی خۆی لەسەردەمێك چووە ئەم خاکەی بۆ عەرەبەکان داگیرکردۆتەوە و پێشکەشی دەستی شێخەکان و خەلیفەکانی کردۆتەوە، بەلاّم هەرگیز ناچێتە ناو مێژوو کە سەلاحەدین خاکێکی داگیرکراوی رزگار کردووە، بەڵکو خاکی میللەت و نەتەوەیەکی تری داگیرکردوە بۆ نەتەوەکەی خۆیشی نا بەڵکو بۆ (پێپەتییەکانی بیابان)..!! کەواتە ئێمە وەکو کورد ئەو پەڕی شەرمەزارییە بێین وەکو شەقامی عەرەبی راستییەکان چەواشە بکەین و کەرکوك ئی ئێمە نەبێت بڵێین کەرکوك شاری کوردانە، کە گومانی تێدا نییە کەرکوك هەر لە بنەڕەتەوە بە پێی هەموو سەرچاوە مێژووەکانی هەموو ئەرشیفەکانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا شارێکی رەسەنی کوردیە و بەعەربکراوە لەلایەن هەموو حوکمڕانانی عەرەبەوە و سەردەمێکیش بووە بە تورك کراوە، ئیتر بۆچی و چۆن ئێمەی کورد بێین ئەو خاکە بە خاکێکی وەك(قودس) بچوێنین و خۆمان بخەینە شوێن عەرەبەکان بۆ داواکردن لە وەرگرتنەوەی ئەو(قودس)ە. نەتەوە ئێمە دەبین بە عەرەب و چاومان ببڕینە خاکی میللەت و نەتەوەی تر و نەتەوە وەکو جوولەکەش دەبین لە وەرگرتنەوەی خاکی خۆمان تووکنەرم بین و بهێڵین دوژمنەکانمان لەسەر خاکەکانمان زەقەی چاویان بێت و خاوەنە رەسەنەکانیشیان لەژێر چادر و دەوارەکانی هەولێر و سلێمانی بتلێنەوە.. جوانترین تایبەتمەندی مرۆڤانەی ئێمەی کورد ئەوەیە کە ئەگەر دوژمنەکەمان ریسوا و زەلیل بوو ئەوا بەزەییمان پیایدا دێتەوە و رێزیان لیّ دەگرین کە ئەوانیش مرۆڤن، بەلاّم هەرگیز دوژمنانی ئێمە بەزەییان بە ئێمە نەهاتۆتەوە و هیچ کاتیش ئێمەیان وەکو مرۆڤ لەقەڵەم نەداوە، ئەگەر ئێمە بە نسبەت ئەوان ئیسرائیلی دووەم بووینە بۆ تەکفیرکردنی جەماعیمان لە سەردەمانێکی تر بە کرێگرتەی ئیران و ولاّتانی تری رۆژئاوا لە قەڵەم دراوین بۆ ئەوەی بە شەقامە مردوەکانی خۆیان رابگەیەنن کە بوونی کورد لە(شیمال) ترسناکە بەسەر(بوابة شرقية للوطن العربي) و مەترسیدارە بەسەر هەموو نەتەوەی عەرەب، ئیتر پێویستی چی دەکات ئێمە خەباتی رەوای خۆمان بۆ داواکردنی مافە راست و رەواکانی خۆمان ببەستینەوە بە داوا چەواشەکاری و درۆکانی عەرەبەکان لە فەلەستین و کەرکوك وێنا بکەین بە قودس..!!